سەرکی ئەنجومەنی بالای دادوەری و بالیۆزی نەمسا تاوتوێی هاوکارییە دادوەرییەکانی نێوان عێراق و نەمسا دەکەن



ئەمڕۆ یەکشەممە،دادوەر"فایق زێیدان " سەرکی ئەنجوومەنی بالای دادوەری و "ئێندریا ناسی "بالیۆزی کۆماری نەمسا لە بغدا،هاوکارییە دادوەرییەکانیان تاوتوێ کرد.

ئەنجوومەنی بالای دادوەری لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: ئەمڕۆ یەک شەممە "فایق زێیدان " سەرکی ئەنجوومەنی بالای دادوەری پێشوازی لە "ئێندریا ناسی" بالیۆزی کۆماری نەمسا لە بغدا کرد".

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- دادوەر "زیدان" لەگەڵ بالیۆزی نەمسا هاوکارییە دادوەرییەکانی نێوان هەردوو وڵاتیان تاوتوێکردوە.